# رۆژی یەکەم



لە رۆژی یەکەم بولبولە
تۆراوەکان
دێنەوە باغەکەتان بۆ خوێندن
ریشۆڵە تازیەبارەکان
بەیەکجاری دەگەرێنەوە مەملەکەتی خۆیان
ئەو گولانەی پێشتر
نا پشکا
لە رۆژی یەکەم ئەپشکێ ... .
رۆژی یەکەم
سەرجەم فریشتەکان
عەرش دەرازێننەوەو
قافڵەکەت گوڵ باران دەکەن
ئەشێ
رۆژی یەکەم دواهەمین رۆژ بێت
ئەشێ
رۆژی یەکەم شیعر هیچ مانایەکی
نەمێنێ
شانۆش بەتەواوەتی لە جەستەمدا خاڵی بێتەوەو
لە نوکی پێمەوە بێتە دەرێ
ئەشێ هەموو شتەکان
تا رۆژی یەکەم جوان بێت
نا .. نا
لەوەیە دوای رۆژی یەکەم جوان بێت
لە رۆژی یەکەمەوە
عەشق دەست پێدەکات و دڵنیام
لەمرۆ عاشق تر دەبم
هەموو جوانیەکانی دونیا
ناکا جوانیەکی هەستی تۆ
ئەشێ لە دوای رۆژی یەکەمەوە جیاواز

**لەمرۆ بەدیار کەوم**

**ئێستا لە باڵندەیەکی هێلانە رووخاوم دەچم**

**رۆژی یەکەم**

**خۆر بە شێوەیەکی تر هەڵدێ‌و**

**منیش لە کاتێکی تردا**

**بەخەبەر دێم**

**بەیانیانیش پەلەی ماچم دەبێ.. ماچ**

**ئەو ماچانەی پێم دەڵێ**

**لەخەو هەڵسە .. ئەمە دوای رۆژی یەکەمە**

**رۆژی یەکەم**

**هەموو پیتەکان وون دەبێ**

**ژیان دەگەرێتەوە سەردەمی**

**ئادەم**

**تەنها پیتی (س) نەبێت بەسەر**

**هەموو جەستەو هزرمدا**

**شی دەبێتەوە**

**زمانێك نامێنێت بۆ قسە کردن**

**ئەوە دەڵێ (سین) ئەمە دەڵێ (سین)**

**دواجار**

**لە هەموو شارەکاندا پەیکەرێك لە سین**

**دروست دەکرێ**

**رۆژی یەکەم**

**هەموو ترسەکان دەگەرێنەوە**

**بارەگای خۆیان‌و منیش**

**بە هەموو دەنگ دەڵێم خۆشم دەوێیت**

**ئەشێ ئەوە رۆژی عەشق بێت .. .**

**ئارام رەمەزان**
8\1\2005
asalaie@yahoo.com